http://back.to/kurd

# ڕەخنەی ماڵئاوایی

با کەس بە باڵەخانەی پەرلەمان، ژمارەی سەندیکاکان، وەزارەتی مافی مرۆڤ، زۆر و بۆریی بڵاوکراوەکان و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان فریو نەخوا. کوردستان تا هەنووکەیش کۆمەڵگایەکی فیودال سەربازییە. لوبنانیش بە رووکەش لە ناوچەکەدا، نموونەی کۆمەڵگای مەدەنی بوو، وەلێ شەڕی ناوخۆ سەلماندی، کۆمەڵگای عەشیرەت و مەزهەب بوو.

سەرانی (ی.ن.ک.) دوای ئەوەی تا تاقەتیان چوو، ژنیان هێنا و برد، ئینجا بیریان لە قەدەغەکردنی فرەژنی کردەوە. دوای ئەوەی گەسکیان لە داهاتی ناوچەکەیان دا، ئینجا هاتنە سەر باسی دژایەتیکردنی گەندەڵی. تا لە توانایاندا بوو، رەخنەیان لە (پ.د.ک.) وەک حیزبی بنەماڵە گرت، ئینجا کەوتنە خۆشکردنی زەمینە بۆ بافڵ، تا ئەویش وەک بەشاری کوڕی ئەسەد، عەبدوڵڵای کوڕی شا حسێن، قوسەیی کوڕی سەددام و مەسرووری کوڕی مەسعود لە داهاتوودا جێی بابی بگرێتەوە. تا گەروویان نووسا، دژی هاوکاریی نێوان (پ.د.ک.) و تورکیا هاواریان کرد، ئەوسا کەوتنە دژایەتیکردنی پەکەکە و دۆستایەتیی رژێمی تورکیا، یەکێتی چونکە درەنگ تێدەگا، هەمیشە لە دوای رووداوەکانەوەیە. ئەوە نییە سەرەتا هەموو هەنگاوێکی نوێی پدک رەت دەکاتەوە، دواتر هەمان رێگە دەگرێتە بەر؟

شێرکۆ بێکەس بەو بیانوانەی پدک بڵاوکراوەی سەر بە پەکەکەی دادەخست و وەرزشەوانی کوردی بۆ بەغدا دەنارد، لە ١١-١٢-١٩٩٣ وازی لە وەزارەت هێنا، کەچی کە (ی.ن.ک.) دەکەوێتە قەڵاچۆکردنی گەریلای پەکەکە، لایەنی حیزبەکەی خۆی دەگرێت و کە لە سلێمانیش پێشوازیی لە یانەی تۆپی پێی لەشکری ئەنفال دەکرێ، بێدەنگ دەبێ!

وەک باوە، حیزب لە کۆتایی کۆنگرەیدا سکرتێر هەڵدەبژێرێ، جەلال تالەبانی کە بە رووکەش دژی تاکپەرستی و دەسەڵاتی بنەماڵەیە، داوی ئارامی هێندە کورت بوو، ئامادە نەبوو، یەک دوو رۆژ سکرتێر نەبێت و لێگەڕێ لە دوا رۆژی کۆنگرەدا هەڵیبژێرنەوە. مامجەلال کە تا نەکرایەوە بە سکرتێر، کۆنگرە دەستیپێنەکرد. یەکەم کەسە پێش ئەوەی لێبخرێ، بکرێتەوە بە سکرتێر.

مامجەلال وەک ئیبراهیم جەلال لە کوردستانی نوێدا بۆی نووسیوە:(لە ماوەی نێوان کۆنگرەی یەک و دووی یەکێتیدا، بیست و دوو ئەندامی سەرکردایەتی تەعین کردبوو). سەددام لە سەردانێکدا بۆ کەرکوک، بە باخەوانێکی کوردی گوتبوو: چی دەکەی لێرە! بۆ ناچیتە هەولێر تا (رۆژ)١ کۆمەڵێ (ئەستێرەت)٢ بداتێ؟ ماوەیەک لە سوید بە کوردی بێکاریان دەگوت: بۆ ناچیتەوە بۆ کن مامجەلال، بتکا بە ئەندامی سەرکردایەتی!. لە کۆنگرەی دوودا باوکی بافل ریکۆردی شکاند و لە تاقە کۆبوونەوەیەکدا شەش حەوت ئەندامی سەرکردایەتیی دەستنیشان کرد، چونکە هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرەی دووەمی (ی.ن.ک.)، ئەمنی دێرین و کۆنەبەعسی بوون، ئیستا کە رەخنەی لێدەگرم، شەرم لە قەڵەمەکەم دەکەم. ئاخر ئیدی یەکێتی زۆر لەوە نابووتترە، کە شایانی رەخنە لێگرتن بێت و هەنووکە زێتر شیاوی بەزەیی پێداهاتنەوەیە، بۆیە دەشێ ئەمە رەخنەی ماڵئاوایی بێ.

دەستنیشانکرندی سەرکردایەتی لە سەرەتای کۆنگرەوە، ئیستا نەریتێکی دزیوی باوە، دەنا بەو ئاسانییە نەدەپەڕییەوە بۆ ناو کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەوانانیش، جێی داخە قەڵەمی دەستی دەسەڵاتی چوارەم، لای ئێمە نەقیزەیەکە بە دەست حیزبەوە، لە سەروەختی بەستنی کۆنگرەی رۆژنامەوانانی دەڤەری ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا، سێ رۆژنامەوان: شازاد ئەنوەر، سەرنووسەری ئاڵای ئازادی، محەمەد رەنجاو، لە ستافی کوردستانی نوێ و هاودەنگ فاروق، لە رۆژنامەی هەرێمی سەر

به (ی.ن.ک.)، له سهر شێوازی بهعس بهرهبهیان فڕێنرابوون و له کونجی زیندانی نهێنی، توند کرابوون و دهسهڵاتدارانی (ی.ن.ک.) نهک ههر ڕێیان به کهسوکاری ئهو فڕێندراوانه نهدهدا سهردانیان بکهن، بهڵکوو نکۆڵیشیان لهوه دهکرد، که له کن وان زیندان بن، دروست ئا لهو کاتهدا مامجهلالی عاشقه میکرۆفۆن، به ڕۆژنامهوانانی گوت: ( له مێژه یهکێتی دروشمی دابینکردی نان و ئازادیی بۆ خاوهنقهڵهمان بلند کردووهتهوه، چیتان ههیه بیڵێن، ئێوه ئازادن و له پێشهوه گهردنتان ئازاد بێ!)

بهگوێرهی بڕیاری (٩٨٦)ی یوو ئێن، که یهکێکه له دهستکهوتهکانی کۆڕهوهکه، سهدی سێزدهی داهاتی نهوتی عێراق، که ههر شهش مانگێک دهکاته نۆ سهد ملێۆن دۆلار، بهر کوردستان دهکهوێ. ئهو پرۆژانهی ههنووکه له ناوچه ئازادهکاندا جێبهجێ دهکرێن، بهرههمی ئهو پارهیهن. بێجگه له داهاتی کوردستان، بڕێک لهو پارهیهی بڕیاری ٩٨٦یش ناڕاستهوخۆ دهچێته گیرفانی دهستڕۆیشتووانی نێو پارتی و یهکێتییهوه، کهچی سهرانی ئهو دوو لایهنه، جۆره شانازییهک به ئاوهدانکردنهوهی کوردستانهوه دهکهن، وهک ئهو پرۆژانه، به سامانێک ئهنجام بدرێن، که به میراتیی بۆیان مابێتهوه، یان بهرههمی ئارهقی نێوچهوانی ئهوان بێ.

( له وڵاتێکدا که له سهدا نهوهدی ئهوانهی توانای کارکردنیان ههیه بێئیش بن، وڵاتێ که زهنگینهکانی به ماشێنه نوێیهکانهوه، خۆیان به سهر خهڵکه ههژارهکهیدا با بدهن، وڵاتێ که ههژارانی هێنده دهستکورت بن، توانای کڕینی پۆشاکیان بۆ منداڵهکانیان نهبێت و ههر له سۆنگهی ئهوهیشهوه بۆ قوتابخانهیان نهنێرن، وڵاتێ که سهد و پهنجا ههزار له دانیشتوانی تێیدا پهنابهر بن، وڵاتێ که شاره گهورهکانی ڕۆژی دوو سێ سهعات کارهبایان ههبێ) ٣ وڵاتێ که قازییهکانی دز و قاچاخچی بن، وڵاتێ که زۆربهی دهسهڵاتدارانی هاووڵاتی ئهورووپایش بن و لهگهڵ یهکهمین تهنگانهدا، نیشتمانیان جانتایه دۆلار بێت و بهرهو ههندهران تێی بتهقێنن، وڵاتێ تێیدا ژن له بری گوڵباران تێزابی پێدا بکرێ، وڵاتێ تێیدا به زهبری پاره، ناوی عهرهبی له منداڵانی کورد بنرێ، وڵاتێ که بۆگهنی دهسهڵاتی ئیسلامی لێبێ، وڵاتی وا بهههشتی دزانه و دۆزهخی چهوساوهکان.

**٢٠٠١_٥_١٩**


١. د. ڕۆژ نووری شاوهیس

٢. نهجمهی سهرشان

٣. کریس کوچیرا، کردستان العراق....ئهلوهسهت لاپهڕه ١٠-١٥ العدد ٤٨ لندن ١٧-٤-٢٠٠١